جارەکی تر شاندی دانوستانکاری یەکێتیی و پارتی لە بارەگای یەکێتیی لە هەولێر کۆبوونەوە

ئەوارەی ئەمڕۆ سەشەممە جارەکی تر شاندی دانوستانکاری یەکێتیی و پارتی کاتژمێر 5:00ـی ئێوارە لە شاری هەولێر لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی کۆبوونەوە.

کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی وەفدەکەی یەکێتی و پارتی یەکەمین کۆبوونەوەیە لەدوای کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان بافڵ تاڵەبانی و مەسرور بارزانی سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی 10هەمینی حکومەتی هەرێم.

پێشتریش سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاندبوو، گفتووگۆکان هێنگاوی باشیان بەیووە و پێکهێنانی حکومەت زۆر نزیکە.

ئێوارەی لەکاتێکدا، نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 18ـی ئادار، بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی سەردانی پیرمامی کرد و لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی کۆبوویەوە، "پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمیان گفتوگۆ کرد".

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەڵێت: "پێشوازیمان لە بەڕێز بافڵ تاڵەبانی کرد و گفتوگۆمان لەبارەی هێنگاو و ئەرکەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد،

هەردوولا کەبوونەوەکانمان بە ئەرێنی هەڵسەنگاند و هاوڕا بووین لەسەر گرنگیی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و یەکگرتوو و خزمەتگوزار".

لەلایەکی ترەوە فازڵ میرانی، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی رایگەیاند، "مەسرور بارزانی وەیلایەتی دووەمی سەرۆک وەزیرانی بە نوێدەکرێتەوە".